ئەرشیفی بابەتەکانی فێرگەی هەموو بۆ کوردان

**دروستکردنی سیدی ویندۆز تایبەت بەخۆت -٣--**

نووسەر: @:

دروستکردنی سیدی ویندۆز تایبەت بەخۆت -٣--.
پاش ئەوەی کە لە تەواوکردنی ویندۆز XP بە Service Pack ـەکان و تێکەڵاوکردنی وەگەڕخەرەکان بۆ ئەو ویندۆزە، لەم بەشەدا کە بەشی سێیەم و کۆتاییە، هەوڵ دەدەم کە چۆنیەتی تێکەڵاوکردنی پرۆگرامی Windows Media Player لەگەڵ ئەو ویندۆزە شی بکەمەوە.
لە پێش دا پێویست دەکات بە پرۆگرامێکی ISO ئەو پەڕگە ISO ـەیەی کە لە بابەتی ژمارە ٢ دا دروست بوو، بیکەیتەوە. ئەم پرۆگرامەم پێ باشە.
Undisker لەگەڵ چۆنیەتی بەکار هێنانی.
کردنەوەی پەڕگەکانی ISO لەگەڵ پرۆگرامی Undisker.
پاش کردنەوەی پەڕگەکان لە شوێنێك دا، باشتر وایە لە نێو بوخچەیەکی سەربەخۆدا بێت. پەڕگەکانی ویندۆزێکت بۆ دەردەکەوێت کە SP1 و Hotfixes ،SP2 و وەگەڕخەرەکانی کۆمپیوتەرەکەتی لە خۆ گرتووە.
- - - - -
چۆنیەتی تێکەڵاوکردنی پرۆگرامی Windows Media Player 10 لەگەڵ ئەو ویندۆزە.
ئەم پەڕگەیە دابگرە./ پەڕگەی تێکەڵاوکردنی WMP 10 لەبۆ ویندۆز.
پاش داگرتن بیکەوە، لەو شوێنەی کە پەڕگەکەی تێدایە، دەبێ پەڕگەی دامەزراندنی WMP 10 ـشی تێدا بێت، واتە وەك وێنەی خوارەوە. دەبێ ناوی پەڕگەی دامەزراندنی WMP 10 بەم شێوەیە بێت MP10Setup.exe یان MP10Setup.




دووجار کرتە بکە سەر WMP10_Slipstreamer_V11 و بیکەوە.
پاشان پەنجە بنێ بە کلیلی Enter یان هەر کلیلێکی دی.
هەندێك چاوەڕێ بە و پاش تەواوبوونی کردنەوەی پەڕگەکانی WMP 10 دەنووسێ، Press any key to continue. واتە پەنجە بنێ بە کلیلێك لەسەر تەختە کلیلی کۆمپیوتەرەکەت بۆ بەردەوامبوون.
پاشان هەنگاوی دروستکردنی پەڕگەکانی تێکەڵاوکردن دەست پێدەکات. چاوەڕێ بە تا هەموو هەنگاوەکان کۆتاییان پیدێ. جارێکی دیکە پەیامی Press any Key ـت بۆ دێتەوە، پەنجە بنێ بە کلیلێك لەسەر تەختە کلیلی کۆمپیوتەرەکەت.
دواتر پەیامی ئەوە دێت کە دروستکردنی پەڕگە پێویستەکان بۆ تێکەڵاوکردنی WMP 10 لەگەڵ ویندۆز دا کۆتایی پێهات.




پاش ئەو پەیامە دووجار پەنجە بنێ بە کلیلێك دا و پەنجەرەکە دادەخرێت.
بڕۆ بۆ نێو بوخچەی I386 کە بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر Hard Disk C دروست دەبێت، ئەگەر ناوی Hard Disk ـی کۆمپیوتەرەکەت بە شێوەیەکی دیکە نووسراوە، دەبێ بچیتە سەر ئەوەیان.




لە نێو پەنجەرەی I386 پەنجە بنێ بە دووگمەکانی Ctrl و A پێکەوە بۆ دیاریکردنی هەموو پەرگەکان و پاش دیاری کردنیان Ctrl و C بۆ لەڕوونووسینەوەیان.
پاشان بڕۆ بۆ نێو بوخچەی سیدی ویندۆز کە سەرقاڵی دروستکردنیت، دواتر بڕۆ نێو بوخچەی I386.




لەنێو بوخچەی I386 پەڕگە ڕوونووس کراوەکانت بلکێنە، واتە Pasteـان بکە.
لە سەرنووسینەوەی هەموو پەڕگەکان ڕازی بە و Yes To All کرتە بکە لە نێو ئەو پەنجەرە بچووکەی کە دەکرێتەوە.
بەو شێوەیە ویندۆزەکەت نوێترین وەشانی Windows Media Playerـی لە خۆ گرتووە.
بۆ دانانی پرۆگرامی دیکە، شێواز و ڕێگەکان جیاوازن لە پرۆگرامێکەوە بۆ ئەوی دی، بەڵام هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا زانیاری پێویست سەربارەت بە تێکەڵاوکردنی پرۆگرامەکانی تر بخەنە ڕوو و بەسەربەخۆیی بڵاویان بکەمەوە.

-----

گۆڕانکاری کردن لە شێوازی ویندۆز XP.
پێویست دەکات پرۆگرامی PE Explorer دابگریت و دایبمەزرێنی.
http://www.heaventools.com/download/pexsetup.exe
پاش دامەزراندن پرۆگرامەکە بکەوە.
پەنجە بنێ بە Ctrl و O بۆ کردنەوەی پەڕگەیەك.
پاشان پەڕگەی WINNTBBA.DLL هەڵبژێرە کە لە نێو بوخچەی I386 دایە، بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێ کە Files Of Type، دەبێ DLLـی بۆ هەڵبژێردرابێ.




بۆ بەردەوامبوون Continue کرتە بکە.
پاش هەڵبژاردن و کردنەوەی پەرگەی ناوبراو، لە پرۆگرامی PE Explorer دا ئایکۆنی Resource Viewer کرتە بکە.




پاش کرانەوەی پەنجەرەی Resource Viewer/Editor، لە لیستەکانی بەشی چەپەوە دا، لەسەر هێمانی کۆ + ـی تەنیشت Bitmap کرت بکە.
لەسەر Bitmap ـی ژمارە ١٠٣ کرتە بکە. کە وێنەی پشتەوەی هەنگاوەکانی کاتی دامەزراندنی ویندۆزە. بۆ نموونە ئەم وێنەیەم هەڵبژارد کە لەمەبەستی کاری ئەم پرۆگرامە روونتر بکەمەوە.
دەتوانی بەلای ڕاستدا کرتەی لێبکەی و دواتر Edit Resource کرتە بکەیت. یا پەنجە بنێ بە دووگمەکانی Shift و Ctrl و E.




پەنجەرەی تایبەت بە جیبەجێ کردنی گۆڕانکاری لەسەر وێنەی هەڵبژێردراو دەکرێتەوە.

لەم هەنگاوەدا دەمەوێ ئەو وێنەیە بگۆڕم بۆ وێنەیەك کە خۆم پێم باشە هەبێت وەك Background ـی هەنگاوەکانی دامەزراندنی ویندۆز XP.

ئایکۆنی Open Source File کرتە بکە.




وێنەیەك هەڵبژێرە کە قەبارەکەی ١٠٢٤ x ٧٦٨ پیکسڵ بێت و بە فۆرماتی Bitmap بێت.

پاش هەڵبژاردن OK کرتە بکە.

پەیامێك دێت كە دەپرسێ ئایا دەتەوێ گۆڕانكاریەكان پاشەكەوت بكەیت؟ Yes كرتە بكە.
بۆ پاشەكەوت كرد نی هەموو ئەو گۆڕانكاریانەی كە لە پەڕگەكەدا كردووتە، لە لیستەی File دا Save File As كرتە بكە و دواتر لەسەر هەمان ناوی پێشووی خۆی پاشەكەوتی بكە.
بەو شێوەیە توانیت وێنەیەك بە ویستی خۆت بكەیت بە پاشبنەمای هەنگاوەكانی دامەزرادنی ویندۆز XP.
بە كوردی كردنی ویندۆز لەگەڵ ئەو پرۆگرامەدا دەكرێت، بەڵام لەكاتێكدا كە فۆنت و تەختەكلیلێك بەكار ببەیت كە لەسەر سیستەمی فۆنت و تەختەكلیلی عەرەبی دروست كرابێت.
پاش تەواوكردنی گۆڕانكاریەكان و گەیشتن بە شێوەی كۆتایی ویندۆز، دەتوانی وەك لەبەشی خوارەوەی ئەم بابەتەدا شی كراوەتەوە، سی‌دی ـەكە Bootable بكەیت.
Bootable كردنی سیدی ویندۆز.
كۆتایی زنیجیرە بابەتی دروستكردنی سیدی ویندۆز تایبەت بەخۆت.

سەرچاوەكانی ئەم زنجیرە بابەتە:
http://unattended.msfn.org/index.htm
www.google.com

Oct 2005 13

Gulf Hurricane Relief
Help Support Health Clinics Providing Critical Aid to Evacuees.
آگهی های سرویس عمومی گوگل
تبلیغات در این سایت